# ئۆپۆزیسیۆن و دوژمنایەتی لە کوردستاندا


## هیوا عەبدوڵا

Hiwa.Abdullah@hotmail.com


لەو ڕۆژانەی دواییدا هەرچوار حیزبەکوردستانییەکەی شەریکی دەستەڵات و حکوومەتی هەرێمی کوردستان (سۆسیالیست، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتوو، زەحمەتکێشان)، یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد و تیایدا هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەیان کرد.

ڕاپۆرتەکەی مایکل ڕۆبن و یاداشتنامەکەی هەرچوار حیزبە کوردستانیەکان، بوە هۆی ئەوەی کە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ و جاروبار توند، جاروباریش نەرم لەسەر کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە ئۆپۆزیسیۆن بێتە ئاراوە.

ئەشێ بە ڕستەیەک کە لە زانستیی سیاسییەوە هاتووە دەربارەی مانا، یان وەڵامی "کێ ئۆپۆزیسیۆنە" دەستپێبکەین: "بەوکەس یان گرووپانە دەگوترێ کە هێزی بەڕێوەبردن یان دەستەڵاتیان لەدەستدا نییە، لە زۆربەی زۆری وڵاتە دیموکراتەکاندا بەو گرووپ و پارتانە دەگوترێ ئۆپۆزیستیۆن کە تا ڕادەیەک دەنگیان بۆ گەیشتنە پەرلەمان بەدەست هێناوە بەلام دەنگی پێویستیان بۆ پێکهێنانی حکوومەت چ بە شێوەیەکی سەربەخۆ و چ لەگەڵ گروپێکی دیکەدا بەدەست نەهێناوە".

ئەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنە لەناو لوتکەکانی دەستەڵاتدا جێگای نابێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە چەند ئەندامێکی ناردۆتە پەرلەمان یان ئەنجومەنی گەل، لەو ڕێگایەوە ململانێ لەگەڵ دەستەڵات و حکوومەتدا دەکات و چاودێریی کارەکانی ئەکات، وە مەرجیش نییە بەردەوام ململانێ بکات بەڵکو باشتر وایە بڵێین ئەو بەرنامەو پڕۆژانەی حکوومەت کە بەلایەوە باش بن ئەرێی دەکا و ئەوانەی کە بە خراپیان ببینێ نەفی یان ڕەخنەیان دەکا، یانیش بە بۆچوون و پێشنیارو ڕەخنەکانیەوە دەوڵەمەندیان دەکاو هەوڵ ئەدا حکومەت ناچار بکات تاکو چاوێک بە بەرنامەکانیدا بخشێنێتەوە.

جۆرێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن هەیە کە هیچ دەنگی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەست نەهێناوە و ململانێ لەگەڵ حکوومەت دەکات لە دەرەوەی پەرلەمان و دەستەڵاتەوە.

وادیارە لای هەموو کەسێکی بەئەگا ئاشکرایە کە هەبوون و نەبونی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕێکوپێک پەیوەندیی بە دیموکراتیکبوونی ئەو وڵاتە و ئاستی هۆشیاریی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە. کوردستانیش وەک هەموو نەتەوەو حکوومەت و وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا ئێستا بەتەواوی نەبۆتە کاندیدێکی ئامادەکراو بۆ پرۆسەی دیموکراسی، ئەوە لە کاتێکدایە کە سەرانی کورد بەردەوام باس لە دیموکراسی دەکەن و ڕادەگەیەنن ئەوان دەرگای خۆیان لەسەر پرۆسەی دیموکراسی کردۆتەوە، ئەگەر ئەم کەس و لایەنانە باوەڕیشیان بەوە هێنابێ کە دەبێ دەرگاکانی خۆیان بە کراوەیی بهێڵنەوە و پێشوازی لەم چەمک یان مێتۆدە بکەن، بەڵام ئەوەیان لەبیر کردووە کە دیموکراسی پرۆسەیەکە، نە بە بڕیارێکی سیاسی و نە بە

خواستن و نەخواستنی سەرکردە، تاک و گرووپ بەرجەستە دەبێ، بەڵکو تێکۆشانێکی دەمدرێژ و هەمەلایەنەیە.
هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنیش پێویستیەکی حەتمی دیموکراسیی یە، چونکە ژیان و سیاسەت بریتیە لە ململانێ و لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا پێشکەوتنێکی ئیجابی و گۆڕانکاری پۆزەتیڤ دێتە دی.
لە کوردستانی ئێمەدا بەدوو شیوە تەماشای ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ، یەکێکیان ئەوەیە کە دەستەڵات و لایەنگرانی حیزب تەماشای دەکەن، ئەوەی دیکەیان چۆن ئۆپۆزیسیۆن تەماشای خۆی دەکات؟.
با لە یەکەمەوە دەست پێبکەین، واتە دەستەڵات و لایەنگرانیان چۆن تەماشای ئۆپۆزیسیۆن دەکەن و تاچەندێک ڕێزی لێ دەگرن. دەستەڵات و حیزب کاتێ وەک خواو پێغەمبەر و مەزهەب سەیر کرا نەک ڕەخنە، بەڵکو گلەییش نایگرێتەوە، بۆیە زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین لە ڕەوشێکی وادا شارەزایانی دیبلۆماسی و سیاسی حیزبی لێ دەرخەین کەسانی دیکەی لایەنگر و ئەندامانی ئەو حیزبانە بەچاوی دوژمن سەیری ئۆپۆزیسیۆن دەکەن نەک بە چاوی حەقیقەت و پێویستیەکی زەروری بۆ پرۆسەی بەدیموکراتیزە بوونی دەوڵەت و دەستەڵات و کۆمەڵگە.
سیاسەت لە کوردستاندا بەتەواوی وەک زانست و میتۆدی بەڕێوەبردن سەیر ناکرێ، حیزبایەتی و ڕێکخراوبونیش زۆر جاران ئەوەندەی وەک مەزهەب و تەریقەت تەماشای دەکرێ، وەک ئامرازێکی گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو سەیر ناکرێ، سەرکردەش زۆر جاران لە جیاتی ئەوەی وەک بەڕێوەبەر یان وەک کەسێک کە ئەشی کەموکورتی هەبێ وەکو هەموو مرۆڤەکانی دیکە سەریر ناکرێ بەڵکو، وەک خودا و پێغەمبەر و بەدەر لە کەموکورتی و لادان سەیر ئەکرێ. لێدوانەکانی سەرکردەی کرازماتیکیش زۆرجاران لەلایەن هەندێ لە لایەنگرانیەوە وەک ئایەتی قەرئان تەماشای دەکرێ. ئەو لێکدانەوەیە نەک بەتەنیا حیزبەکانی دەستەڵاتبەدەست ئەگرێتەوە، بەڵکو هەموو حیزبێک ئەگرێتەوە، بەتایبەتیش لە کاتێکدا ئەو حیزبانە ئەگرێتەوە کە جگە لە خۆیان هیچ کەسی دیکە لە مەیدانی خەباتدا نابینن، زۆرجار بەتەنیا خۆیان وەک حیزبی سەرکردە "قائید" دەبینن، ئەوەش واتاکەی ئەوەیە ئەو حیزب و ڕێکخراوانە ئەگەر چی بەرلەوەی بگەنە دەستەڵات چەندین دروشمی تایبەت بە دیموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ بەرزدەکەنەوە بەڵام بەرلەوەی بگەنە دەستەڵات ڕوحی دەستەڵات لەلەشیاندا گەنیوە و خەون بە ڕۆژێک دەبینن کە هاتنە سەر کورسی دەستەڵات تۆڵەی خۆیان لە بەرانبەرەکانیان بکەنەوەو جگە لە دەنگی خۆیان هەموو دەنگو ڕەنگەکانی دیکە، هەموو شارستانیەکانی دیکە لەناو ببەن، ئەگەر بۆیان کرا، لەهەرسێ بەشی کوردستاندا ئەو تایبەتمەندیە دەبیندرێ، لە باشوری کوردستان "ی ن ک – پ د ک" لە باکور "پکک" لە ڕۆژهەڵات حیزبی دیموکرات.
ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخبێ ئەوەیە کە ئەو چوارحیزبە کوردستانیەی یاداشتنامەکەیان پێشکەش بە سەرۆکی هەرێم کرد، لەو ماوە دور و درێژەدا بەردەوام هەردوو قاچیان لەگەڵ هەردوو حیزبی دەستەڵاتدار بوە، ئەوە جگە لە نەبوونی جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ هەردوو حیزب. جگە لە یەکگرتو و کۆمەڵی ئیسلامی پێموانیە لە ڕەفتارو گوتاریشدا تا ئێستا جیاوازیەکی زۆر لە نێوان شیوعی، زەحمەتکێشان و سۆسیالیست لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا هەبێ لە ڕابردو و ئێستاشدا، وە ئەو پێنج حیزبە کوردستانیە، لە سەرەتای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق لەژێر چنگی حیزبی بەعسەوە تاکو ئێستا بە هەمووشتێک ڕازی بوونە، ئەوان لە سەردەمێکدا کە دەبوو ململانێیان لەگەڵ یەکێتی و پارتی کردبایە نەیان کرد، لە کاتی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق و کوردستان هەروەها ڕێفراندۆم بۆ دەستوری بنچینەیی عێراق ئەوەی پێویست بوو نەیانکرد. ئەوان لە پێناوی کورسیەکو دوو کورسی و بودجەیەک هەرچی هەردوو حیزب کردیان چاویان لێ پۆشی، ئەگەر سوکە ڕەخنەیەکیش یان ئامۆژگاریەکی بچوکیشیان کردبێ، ئەوا نەبۆتە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک کە دەنگی خەڵک لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو هەردوو حیزب کە دەستەڵاتی ڕەهایان بەدەستە ناچاری گۆڕانکاری بکەن. جا نازانم لێرەدا هەبونی ئۆپۆزیسیۆنێکی وا چۆن بتوانێ ببێتە هێزێکی ئەوتۆ و دەستەڵات ناچاری گۆڕانکاری بکات، بەڕای من

ئەوانە نەک بەتەنیا ناتوانن ببنە ئۆپۆزیسیۆن بەڵکو خەڵکیش بێ هیوا ئەکەن، وە گومانم لەوەدا نیە ئەگەر هاتو ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستودروستیش دەربکەوێ دژایەتیان نەکەن. لەهەمانکاتدا وەڵامدانەوەی هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتی و پارتی بۆ ئەو یاداشتنامەیە وەک "ئێوە دەبێ ڕونیکەنەوە دۆستن یان دوژمن" یان "ئەگەر وابکەن یارمەتیەکانتان لەسەر دەبڕین" نیشانەی ئەوەیە کە تا ئێستا دەستەڵاتی کوردی بەچاوی یان دوژمن یان دۆست سەیری لایەنی دەرەوەی خۆی دەکات. بەلام لە هەمان کاتدا وەڵامی هەندێ بەرپرس وەک "ئێوە خۆتان یەکلایی بکەنەوە ئۆپۆزیسیۆنن یان لایەنگری دەستەڵات" پڕ بە پێستی ئەو داخوازیەی ئەوان بوو، چونکە ئەوان تا ئێستاش ئەندامن لە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان کە تۆزێک لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ئەچێ. بەکورتی دەبوایە ئەو لایەنانە لە کاتەکانی ڕابردودا گلۆپی سوریان بۆ دەستەڵات هەڵکردبایە نەک دوای ئەوەی بڕیاردرا کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 42 وەزیرەوە بۆ 18، نەوەک دوای گوشارەکانی ئەمریکا و دراوسێکانی عێراق و حیزبە عێراقیەکان بۆ کەمکردنەوەی دەستەڵات و ڕۆڵی کورد لە ئایندەدا. چونکە ئەو کێشانەی ئەوان باسی لێوە دەکەن وەک کێشەی نەبونی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان، لە خوێندنگا-قوتابخانە، نەخۆشخانە، کێشەی کەرکوک و چەندین کێشەی دیکە ئەوڕۆ سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو لە کاتێکدا سەریان هەڵدا کە هەرچوار حیزب چەپڵەیان بۆ دەستەڵات لێئەداو بەرپرسەکانیان بە ڕۆنی یەکێتی و پارتی سمێڵەکانیان چەور دەکردن.

وادیارە ئۆپۆزیسیۆنبون لە کوردستاندا کارێکی زۆر ئاسان نیە، زەمینی ئۆپۆزیسیۆنیش نە لەبواری خۆیی، بابەتی، یاسایی و نێودەوڵەتیدا ئامادە نیە، کۆمەڵگەی کوردی لەسایەی ئەو کەموکورتیانەی کە باسمان کرد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بێزار دەبێ و دوردەکەوێتەوە لە هەستی بەرپرسیارێتی و نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی گەل و نیشتیمان، هیچ یاسایەک نیە وەک پێویست موچە و یارمەتی بۆ ئەو پارتانە ببڕێتەوە کە لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆندان، ئەو حیزبانە بەشێکیان پارەی خۆیان لە یەکێتی و پارتی وەردەگرن ئەوانی دیکەش بەو هۆیە ناتوانن هیچ چالاکیەکیان هەبێ، چونکە سەردەمی کۆن بەسەرچو تۆلەسەر بنەمای خۆیی بتوانی هاوکاری لە میلەتەکەت کۆبکەیتەوەو خۆت بەڕێوە ببەی، دەبێ لایەنێکت لەدواوە بێ. ئەوەی کە ئێستا "پکک" ئەیکات نانی سەردەمی شەڕی چەکداری کۆنە ئەیخوات و پێموایە ڕۆژ بەڕۆژیش ئەوە کەمتر دەبێ. بەشێک لەو حیزبانەی بانگەشەی ئۆپۆزیسیۆنبوون دەکەن لە ڕاستیدا یاخین لە دەستەڵات و دەیانەوێت پشکیان بەربکەوێت نەوەک بەرنامەیەکی تایبەت و واقیعیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان، هەلومەرجی نێودەوڵەتیش لایەنێکی دیکەیە، ئەگەر چی هەندێک جار هەلومەرجی نێودەوڵەتی بوارنادا سیاسەتی کوردی لەژێرناوی ئۆپۆزیسیۆن لاواز و پەرتەوازە بکرێ، بەڵام حیزبەکانیش زۆر جاران لەژێر ناوی ئاسایشی نەتەوەیی بەرژەوەندی خۆیان بە کۆمەڵگە دەدەنە قەبوڵکردن بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا. وەمن پێموایە لە حاڵی حازردا ئەو حیزب و حیزبۆکانەی کە لە مەیدانەکەدا وجودیان هەیە ناتوانن ببنە ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و کامڵ.

ئۆپۆزیسیۆنبون لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە لایەن حیزبەوە سازنابێ، ئەوڕۆ ئەو ڕکەبەرایەتیەی کە مێدیاو هەندێک ڕێکخراوی مەدەنی نمونە "چاک" لە کوردستان و دەرەوە ئەیکەن لە کاریگەری حیزبی زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و یەکگرتو و شیوعی زیاترە، وە ئەو ڕێکخراوە مەدەنیانە زوتر دەتوانن بچنە ناو مێشکی خەڵک، چونکە خەڵکو کۆمەڵگەی ئێمە لە وشەی حیزب ترساوە، دووەم حیزب تاکەکان ئەکاتە کۆیلەی ئایدیۆلۆژیایەکو خەڵک لە لایەنی فکریەوە دەخاتە ناو زیندان. بۆیە واباشترە چیدیکە چاومان لەوە نەبێ ئۆپۆزیسیۆن لە لوتکەدا واتە لە لایەن حیزبەوە ئاراستە بکرێ، ئەوە جگە لەوەی زەمینەکەی لەبارنیە، لە هەمان کاتدا بەهۆی نەبونی جیاوازیەکی گەورە لەنێوان ئەوان و حیزبەکانی دەستەڵاتدا مەترسی ئەوەش هەیە ئەو حیزبانە کە بێنە سەردەستەڵات هەمان شت دووبارە بکەنەوە. جا بۆیە باشتر وایە کاربکرێ بۆ ئەوەی دەرفەت لەبەردەم ئافراندنی تاکی ئازاد و کۆمەڵگەی ئازاد پەیدا ببێ، ئەگەرچی ئەوڕۆ لەسایەی گەندەڵی و نەبونی بژێوی ژیان و یاسایەک کە پشتی هاوڵاتیان بگرێ چ

لە ئاستی کۆمەڵگەو چ لە ئاستی ئەندامەکانی حیزبدا جۆرە بێدەنگیەک لەبەرانبەر کەموکورتیەکان هەیە، بەڵام ئەوەش تاسەر نابێ، کاتێک دێ کە تاکەکانی ناوحیزب جاروبار ببن بە ئۆپۆزیسیۆن و حیزبەکەیان ناچاری گۆڕان و نەرمڕەوی بکەن، ئەوەش قوربانی دەوێ، ئەگەر مێژوی وڵاتانی پێشکەوتو بخوێنینەوە بە ئاسانی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گۆڕانکاری بەتەنیا لە ڕێگای کودەتا،

هەڵوەشاندنەوەی سەرتانسەری نایەتە ئاراوە. سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا بەشێوەیەکی تەدریجی و لەڕێگای تاکی ئازاد، کۆڕو کۆمەڵەو گروپی ئازاد و پاشان کۆمەڵگەی ئازاد هانی حیزبیان داوە پێشەنگایەتی بکات. ئەوڕۆکەش لە ئەوروپا، سیاسەت و ڕکەبەرایەتی ئەوەندەی لە لایەن تاکو کۆڕوکۆمەڵە مەدەنیەکان دەکرێ لەلایەن حیزبەوە ناکرێ.

دیاردەیەکی دیکە کەدەبێ لەوبوارەوە ڕەخنە بکرێ، ئەو تاکو گروپانەن کە بەناوی ئۆپۆزیسیۆن لە ڕیگای نوسین و تەکنۆلۆژیای مۆدێرندا چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەی کوردستاندا کاردەکەن. هەمووومان ئەزانین کە حیزبەکان لە کاتی شەڕی ناوخۆییدا، دیاردەی سوکایەتی و شەڕەجنێویان بۆ ناشیرینکردنی مێژوو کەسایەتی و هەبوونی یەکتریەوە بەکاردهێنا، ئەوڕۆکەش ئەو حیزبانە ئاشتبونەتەوە و سوێند بەسەری یەکتری دەخۆن، بەڵام تاکەکان کە خۆیان وەک ئۆپۆزیسیۆن و ناڕازی لەدەستەڵات دەناسێنن ئەو دیاردەیە لەژێر ناوی ڕکەبەرایەتی دوبارە دەکەنەوە، کە زۆربەی جار، پێوانەو سنورەکانی ڕەخنە دەبەزێنێت و دەگاتە ئاستی سوکایەتی کردن بە کەسایەتی، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەو سەرکردەو بەرپرسانەش وەکو هەموومان خاوەن کەسێتی و ناسنامەی تایبەتی خۆیانن و دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ لە کاتی ڕەخنەکردندا هێرش نەکرێتە سەر ژیانی تایبەت و کەسایەتیان بەڵکو ئەتوانرێ دەقی کار، بەرهەم و ئەنامەکانیان بخوێندرێتەوە. ئەو کارەی کە لە هەندێک ماڵپەر لەژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆندا دەکرێ، جگە لە بێواتا کردن و چەواشەکردنی ئۆپۆزیسیۆن هیچی دیکە نیە. بۆیە ڕێگایەکی دیکەی کە دەبێ ئۆپۆزیسیۆن بیگرێتە بەر ئەوەیە کە خۆی لە شەڕەجنێو و بوختان و بانگەشەی بەبێ بەڵگە دوور بکاتەوە و بەڕێزەوە لە بەرانبەرەکەی بڕوانێ و بتوانێ دەقەکان بخوێنێتەوە نەک بەتەنیا پەنا بۆ کەسێتی و ژیانی تایبەت ببات، ئەگەر چی حەقی خۆیەتی هەموو هاوڵاتیەک ژیانی تایبەتی سەرکردەکەی بزانێ، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەکرێ ئەوە نیە، بەڵکو نیشانەی نەبونی ئەو هێزەیە کە توانای خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی دەقەکانی کەمە بۆیەش لە ناچاری پەلاماری کەسێتی و ژیانی تایبەتی کەسەکان دەدا و کەمتواناییەکانی خۆی لە ژێر پەردەی ژیانی کەسانی دیکە دەشارێتەوە. ئەگەر مەبەست لێرەدا شەڕکردن دژ بە گەندەڵیە دەبێ، ڕێگاو میتۆدی جیاواز ببیندرێتەوە تاکو حکومەت و کاربەدەستان ناچاری شەفافیەت و دڕکاندنی زانیاری بکات، ئەوڕۆ نەبونی شەفافیەتی تەواو و سەرچاوەی زانیاری دەربارەی داهاتەکانی حکومەت زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکردوە ڕۆژنامەوان، نوسەر و هاوڵاتیان بۆ بەدەستخستنی زانیاری پەنا بۆ سەرچاوەی نافەرمی ببەن، ئەو سەرچاوە فەرمیانە هەرچەند زانیاریەنیان ڕاستیش بن، ناتوانی لە کاتی تەنگانە پشتی پێ ببەستی بۆیە ئەو کەسانە زۆر جاران ناچارن بەبێ بەڵگە بانگەشەی دزی و گەندەڵی بەسەر کەسانی دیکەوە بکەن، لەوانەشە هەندێک جار ئەو بانگەشانە ڕاست بن بەڵام لەکاتێکدا کە داوایەکیان لەسەر تۆمار بکرێ ناچاری پەشیمان بونەوە، داوای لێبوردن و دانان بەبێ بەڵگەیی و .... هتد دەبن. ئەوەش زۆر جاران ئیرادەی و هیوای کەسانی ناڕازی دەشکێنێت و کەسانی دیکە چاوترسێن دەکات.

سەرچاوەکان:


http://radionawa.com/ku/news/NewsDetail.aspx?id=18096

http://www.awene.com/index.php?option=com_content&task=view&id=2753&Itemid=234